# ڕونكردنەوەی  سەركردایەتی سیاسی بۆ جەماوەری بەئەمەكی گەلەكەمان

حاجی ئەنوەر

٢ / ١١ /٢٠٠٥



كۆمەڵانی بەشەرەفی كوردستان ، كەس وكارو پاشماوەی قوربانیان و شەهیدە ئازیزەكان  .
ئێوەخۆتان شاهیدی دڵسۆزی و پاكیەتی و وەفاداری و قارەمانیەتی سەركردایەتی گەل و شۆڕشن ، شاهیدی خۆنەویستی و گیان فیداكاری سەركردایەتی سیاسین كە هەڵقوڵاوی بیری ڕەسەنی كوردایەتیە ، ئێوەخۆتان ئاگادارن كە ئەم سەركردایەتیە دەستی بۆ هیچ كارێك نەبردوە كە لەگەڵ ئاوات و ئامانجەكانی گەلەكەمان هاوجوت نەبێت ، بەتایبەتی قوربانیە ئازیزاكانی ئەنفال و كیمیاوی باران كراوان و قارەمانانی زیندانەتاریكەكانی ڕژێم و لەسەروی هەموانیشەوە شەهیدە سەرووەرەكانمان ، ئێمەنەرێگامان داوە و نە رێگاش  دەدەین هیچ لایەن و كەسایەتیەك ماساوەمەو بازرگانی بە خوێنی پاكی شەهیدانمانەوە بكەن ( شەهیدان سەروەری هەمومانن ) هەربۆیە لە هەموو كۆبونەوەكاندا سەباری ڕێزگرتن لە گیانفیداكاریان دەگیرێت كۆمەڵێك بریار پەسەند دەكرێت بۆ سرینەوەی ئاساری ئازاراكانی كەس و كاریان . ئێوەی خۆشەویست و ئازیزو دڵسۆز كە متمانەوباوەڕی تەواوتان بەئێمە بەخشیوەو هەموو هیواكانتان بەستوەتەوە بە هەوڵ و تێكۆشان و شەرەجۆربەجۆرەكانمان لە بواری سیاسی و دبلۆماسیدا ، ئێمەسەری ڕێزبۆ ئەو باوەڕە پتەوە لەبن نەهاتوەتان دادەنەوێنین ، ئێمەهەست دەكەین كە ئێوەی هێزی لەبن نەهاتوو بەبێ بیركردنەوە، چاوی خۆتان دەنوقێنن ، گوێچكەی خۆتان دەئاخنن و زمانتان لەگۆدەخەن ، سوپاستان دەكەین و پەیمان تازەدەكەینەوە كەتابمێنین بەردەوام بین لەسەر هەمان سیاسەت و هەموو هێزوتوانای خۆمان تەرخان بكەین بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم پرۆسەیە .  بە پێویستی دەزانین هەندێك ڕاستیتان بۆ ڕوون بكەینەوە .

١ـ سەبارەت بە گەندەڵی ئیداری   :  ـ سەركردایەتیە ڕەسەنەكەتان كەقاڵبوی خەبات و تێكۆشانێكی دووردرێژی بێوچانە دژ بە درندەترین ڕژێمی ئەم سەردەمە ، ڕژێمێك كە خاوەنی پێنجەمین هێزی ئەم دنیایەو تەرسانەیەكی گەورە لە چەكی كۆمەڵكوژ و زیارت لە ملیۆن ونیوێك چەكدارو هێزێكی گەورەی ئابوری و نفوزێكی بەربلاوی نێودەوڵەتی و .... جنێونامەو سەفسطائی و بەرەڵای چەندكەسێكی نا مەسئول كە بەپەنجەكانی دەست دەژمێرێن ، ڕامان ناچڵەكێنن . ئێمە بۆ جەماوەری شۆڕشگێڕو دڵسۆزی گەلەكەمان دووپات دەكەینەوە كە ئەو چەند كەسە جگەلە بەكرێگیراو قین لەدڵ و چاویان بەخۆری ئازادی هەڵنایە زیاتر شتێكی دی نین .

٢ ـ سەبارەت بە دزی :ـ هەڤالانی ئێمە ، ڕۆڵەی بەئەمەکی گەلن ، ئەو پێشمەرگەقارەمانانەن کە بەسکی برسی و گیرفانی بەتاڵەوە ڕۆژیان دەخستە سەرشەو بەسیمفۆنیای ئازادی لەشەوانی کرێوەی زستاندا ئێوەی ئازیزیان وەخەبەر دەهێنایەوە و مژدەی ئازادی و سەرفرازی یەکجارەکیان پەخش دەکردەوە ، بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی ئەمڕۆی وولاتەداگیرکراو نەتەوە بریندارەکەمان ، کورانی ڕۆژانی سەختی خەباتن کە گیا لەسەردەست و هەموو ژیانیان بەخشیەئەم گەلەو هەرگیز بیریان لەسەروەت وسامان نەکردوەتەوە لەو هەموو سالانەی خەباتماندا تەنها فلسێکمان پەیدانەکردوە و لەئێستاشدا نایکەین .ئەگەر مەبەستی ئەوچەند کەسە داخ لەدڵە ، ئەو برە پارەیەبێت ! کەبۆ کاتی پێویست هەڵگیراوە لە جێگەیەکی باوەڕپێکراو ، ئەوا ئێوەی قارەمانی دوژمن بەزێن لاتان ئاشکرایە کە ڕێگای خەباتی ئاوەدانکردنەوەو بنیاتنانەوە دورودرێژەو هێشتا سەرەتایە و دەریاش بەدەمی سەگ پیس نابێت .

٣ ـ قارەمانەکانی سەنگەری پێشی پێشەوە :ـ ئێوەی دڵسۆز و گوێڕایەڵی سەرکردایەتیە ڕەسەنەکەتان لە هەموو لایەک زیاتر ، ڕژێم دەناسن ، ئەو ڕژێمەی کە پەلیهاویشتبوە تەواوی وولاتەکەمانەوە ، شۆڕشیش کە تەنها پشت وپەنای ، هێزی لەبن نەهاتوی ئێوە بوو ، کە جگەلە ئێوە لەم جیهانەبەرینەی خوای گەورەدا لایەک نەبوو لای لێبکاتەوە ، بۆیە ناچاربووین بۆ بەرژەوەندی گەل و شۆڕش ژمارەیەک لە باشترین و چاونەترس ترین و زیرەکترین لە بەرپرسە دڵسۆزەکانمان و سەرەک خێل و پیاوەناودارەکان بخەینە ناو ریزەکانی ڕژێمەوە تا ئاگاداری ووردودرشتی جموجوڵە سیاسی وسەربازی و ئابوری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکانیان بین تا لەکاتی هێرشاکانیاندا کەمترین زیان بە گەلەکەمان و هێزەکەتان نەگەیەنرێت .

٤ ـ هەڵویست لەسەر ئاژاوەچیە سەرلێشێواوەکان :ـ بەدوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان بە ڕابەرایەتی سەرکردایەتی گەل و شۆڕش و هەڵهاتنی خۆری ئازادی کە شەمشەمە کوێرەکانی نامۆی بە بیری ڕەسەنی کوردایەتی سەخڵەت کردبوو ، کەوتنە بوختان هەڵبەستن و نانەوەی ئاژاوە دژ بە دەسکەوتەکانی گەلەکەمەمان لە ئازادی و دیموکراسی . ئێمە لە ئیمان و باوەڕ بونمان بە ئازادی چەندەها فرسەتی مێژوویمان بۆ ڕەخساندن ، بەلام بوونی دوژمنان و تەماعوچاوچنۆکی دنیا زالبوو بەسەرهۆش وباوەڕی کرمۆلیاندا ، زیاتر لەوەنەدەکرا مساوەمەیان لەگەڵدا بکەین هەر بۆیە سەرکردایەتی گەلەمەزنەکەمان کە بیری لەبن نەهاتوی گەلە، ناچار بوو ڕێگایەکی تر بگرێتە بەر بۆ ڕزگار کردنی گەلەکەمان و دەسکەوتەکانی و خوێنی شەهیدان لەهەر زیانێک . دەرکرن یان زیندانیکردن یان دوورخستنەوەیان ڕێگایاکی شیاوی شارستانیانەی سەردەمە کە پرۆسەی دیموکراسی بەرهەمی هێناوە .

٥ ـ دەستوری هەمیشەی عێراقی فیدراڵی :ـ گەورەترین دەسکەوتێک کە نەتەوەی کورد بەدەستی هێنابێت دانگدانمان بووە بۆ دەستوری هەمیشەی کۆماری عێراقی فیدراڵی سەرەتای دەست پێکردنی مێژووی نەتەوەی کورد بوو پەیامێکی مێژووی نەتەوەی و نیشتمانی گەورەبوو بە ئەنجام گەیەیندرا ، کۆتایی کارەسات و نەهاماتیاکانی گەلی کورد بوو ، پەیامی گەلی کورد بوو بۆ ناحەزان و دوژمنانمان کە ئێمە گەلێکی ئاشتی خوازو جیراندوست و جوداخواز نین ، بۆمبێک بوو بوڕوی تیرۆرستان و پاشماوەکانی ڕژیمدا کە ئەوە ئێمەین عێراقی یاساو دیموکراسی و مافی مرۆڤ بنیاد دونێینەوە ، بە بەڵێ بۆ دەستوری هەمیشەی عێراقی فیدراڵی پەرلەمانی تەعددی زۆربەی هەرەزۆری مافاکانمان سەپێندرا . جارێکی دی نابیینینەوە ئالا خوێناویەکەی بەعس لەئاسمانی وولاتەکەماندا بشەکێتەوە ، جارێکی دی پۆستاڵ و بەرگی خاکی ڕەوناکات بەسەر خاکی پیرۆزی وولاتەکەماندا ، بێترس زمانی دایکی خۆمان بەکاردەهێنین ، سەرۆک لە خۆمان دەبێت ، پۆستە بەرزەکان بەکورد دەدرێت . بەبێ کورد ئەم عێراقە بنیاد نانرێت .

٦ ـ بنيات نانەوەی عێراقی نوێ : ـ باهۆزی دیموکراسی  سەران سەری جیهانی تەنیوەتەوە ، کوردیش بەشێکی کاریگەرە لەم پرۆسەیەدا ، ئێمە بەدرێژایی مێژوویەکی پڕ لە خوێن بەخشین ، لە هەولّی جۆراو جۆردا نەمان توانی ئاواتەکانمان بەدەست بهێنین ، ئەمڕۆ باشترین و لەبارترین زروفمان بۆ خولّقاوە ، ئەمڕۆ جیاواز لە ڕابوردو هەموو دنیا بەتایبەتی وولاّتە بەهێزە دیموکراسیەکان ئاگاداری کێشەکەمانن ، فرسەتێکی مێژووی نادرمان لەبەردەستایە و سەرەتای سەربەخۆی و پێکهێنانی دەولّەتە.خێزان شێوەیەکی بچکۆلانەی دەولّەتە ، کاتێک کوڕی کورد ژن دەهێنی سەرەتا لەگەلّ مالّی باوکیا دەبێت ، پاش ماوەیەک دوو هۆدە لەقاتی سەرەوە دروست دەکات ، پاشتر قالّددرمە جیادەکاتەوە  دواتر دەرگایەکی بچکۆلانەش لەبەردەم قالّدرمەکەدا دادەنێت ، تاوای لێدێت بەتەواوەتی لەمالّی باوکی جیا دەبێت و سەربەخۆی خۆی بەدەست دەهێنیت . سەرئەنجامی ئەم پرۆسەیەش بۆ ئێمە هەروا دەبێت. مردن و ڕوڕەشی بۆ بەکرێگیراوان و دوژمنانی ئازادی و دیموکراسی .

بژی شۆڕشی ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی و شەفافیات .

سوپاس بۆ گوێڕایەلّیتان بۆ دلّسۆزیتان بۆ بێدانگیتان .